# نووسين و سزاكانى !

ڕزگار عومەر
rezgar70ca@yahoo.com






لەم چەند ڕۆژەدا ، لە دوو وولآتدا ، لە باری جوگرافیەوە لێك دوور ، بەڵام لە باری تایبەتمەندی چارەنووسی سیاسیەوە لە یەكتر نزیك ، دوو تاوان دژ بە دوو ڕۆژنامە نووس ئەنجام درا ، دانەیەكیان تیرۆر كردنی ڕۆژنامەنووسی لوبنانی ( سەمیر قەسیر) ، ئەوی تریان تیرۆر كردنی ڕۆژنامەنووسی لیبی (نەبیل شەرەفەدین ) ، تاوانی ئەم ڕۆژنامە نووسانە ئەوە بووە ، كە ئەوان لە دەرەوەی بەرژەوەندیەكانی دەسەڵاتدا ، قسەی خۆیان ، بیروڕای جیاوازی خۆیان ، وەكو ڕۆژنامە نوس و وەكو نووسەر بە نێو خەڵكدا بڵاو كردۆتەوە ، نووسەرە لوبنانیەكە كە زیاتر وەكو نووسەرێكی چەپ و پێشكەوتنخواز ناسراو بووە ، پێش خۆی هاوسەرەكەی هەڕەشەی لێكرابوو ، چونكە ئەو نووسەرە یەكێك بووە لەو نووسەرانەی كە دژی مانەوەی هێزەكانی سوریا لە لوبنان هەڵوێست و نووسینی ئاشكرای هەبووە ، نووسەرە لیبیەكەش یەكێك بووە لەو نووسەرانەی كە بە ئاشكرا لە لێدوانێكی ڕۆژنامەنووسیدا ڕایەگەیاندبوو كە ئەو وەكو نارەزایەتی و ڕەخنە لە حكومەتەكەی قەزافی ، هیچ نووسینێك لە دام و دەزگاو میدیاكانی دەوڵەت بڵاو ناكاتەوە ، لە سەر ئەم هەڵوێستەو لە سەر دەیان نووسین و چالاكی تر كە ئەم ڕۆژنامە نووسە لە ڕێ ی ساتیەكانی ئینتەرنێتەوە ئەنجامی دەدا ، تووشی هەڕەشەی كوشتن ببوو ، ئەوە بوو ڕۆژی شەمەی ڕابردوو لە ڕفاندنێكی سیخوڕەكانی دەوڵەتدا هیچ سۆراغی نامێنێ ، كەسو كاری بۆ سۆراغی ڕوو دەكەنە دەام و دەزگا پۆلیسیەكانی دەوڵەت ، هیچ زانیاریەكیان دەست ناكەوێ ، دواتر تەرمەكەی بە فڕێ دراوی ئەدۆزنەوە ، لە ئەتك كردنی تەرمەكەوە دەركەوتووە ، كە پێش كوشتن ئەشكەنجەی گەورە كراوە ، چونكە دەستەكانی كەلەپچە كرابوو ، پەنجەكانی بڕابوونەوە !

ئەم ڕووداوانە نوێنەرایەتی مێژوویەكی درێژ دەكەن ، لە سەركوتی سیاسی ، لە تەحەمول نەكردنی هەر نووزەیەك ، كە بۆنی ڕایەكی سەربەخۆ و جیاوازی لێوە بێ . ئەم باجە گەورەیە ، لێسەندنەوەی ژیان لە سەر ووتن و نووسین ، لە بەردەم هەموو نووسەرێك و ڕۆژنامە نووسێكدایە ، كە بیەوێ جیاواز لە بەرژەوەندیەكانی سیستەمە سیاسیەكانی ڕۆژ هەڵات ، جیاواز لە باڵی كۆنەپەرستی كۆمەڵگا قسەیەكی تربكا ، جاری وا هەبووە ، سزادان ڕەنگە لە هەندێ حاڵەتەكاندا نەگەیشتبێتە كوشتن ، بەڵكو لە قۆناغەكانی یەكەمدا هەڕەشەی یاسایی و دانانیان لە ڕیزی دزو جەردەی نێو زیندانەكان بەڕێوە چووە ،

**کوشتنی کەس و کار ئەگەر نووسەرەکە دوور بێ لە وولأت ، دەست بردن بۆ دزێوترین دەست تێوەردان لە ژیانی تایبەتی نووسەر ، وەکو ئەو هەوڵەی کە لە ژێر یاساکانی شەرعدا کرا ، بۆ بە زۆر تەلاق پێدانی هاوسەری نووسەری میسری (حامد ئەبوو زێد ) !!**

**ئەو باجانە لە بەردەم هەموو نووسەرو ڕۆژنامە نوسێکی سەربەخۆدایە ، کە بیەوێ ببێتە بەشێك لە هێزی پێشڕەوی کۆمەڵگە ، پارێزگاری کردن لە خۆت و لە حەقی ژیان ، بێ ئەوەی خامەو قسەکانت و بیرو ڕاکانت هەڕاج بکەی ، لەم سەودای لۆبیەکانی سیاسەت و کارتێلەکانی دەسەڵات و ئابووری ، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تەسکتر دەبێتەوە ، بەڵام من لەوانەکانی ئەدەبی کوردی لە قۆناغی ناوەندی ، بە ڕستەیەکی سادە ئاشنابووم قەت لە بیرم ناچێتەوە ، بۆ ئایندەی نووسین و باجەکانی ، بۆ نووسەران و ڕۆژنامە نووسانی سەربەخۆی کورد ، فەلسەفەیەکی گەورەتر و ئایندەیەکی باشتر ، لەو ڕستەیە شك نابەم کە دڵی خۆمی پێ بدەمەوە، ئەو ڕستەیە دەڵێ : دونیا دەورانە دەوڵەتەت لێ دەستێنێ ، بەڵام ناوی چاك تا سەر ئەمێنێ !!**

**بەهاری** 2005